# مەلای گەورەی کۆیە
# لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا

**د.ئاراس محەمەد ساڵح**
**(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)**

لەدوای داگیرکردنی ئێراق لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە، ئەو دەوڵەتە لە ئێراقدا دەسەڵاتێکی پێکهێنا و لە هەموو شارەگەورەکاندا نوێنەری خۆی کردە دەسەڵاتداری ناوچەکە، ئەم نوێنەرانە مانگانە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ نوێنەری سامی بەریتانی لە بەغداد ناردووە و لەوێشەوە سەرجەمی ئەو ڕاپۆرتانە ڕەوانەی لەندەن کراون، ئەم ڕاپۆرتانە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی ناوچەکەن کە ڕۆژانە لەسەر بارودۆخی ناوچەکە نووسراون و پارێزراون.

مەلای گەورەی کۆیە لەو ڕۆژگارەدا یەکێک بووە لە کەسایەتییەکانی لیوای هەولێر و شاری کۆیە، خاوەنی پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەهێز بووە، تەنانەت لە یەکێک لەو ڕاپۆرتانەدا نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە بەهێزی پێگە و زۆری جەماوەری مەلای گەورە دەردەبڕێت، ئاماژە بەوە دەکات کە موفتی هەولێر (مەلا گچکەی هەولێری) کە کەسایەتییەکی گەورە و ناسراو بووە لەسەر ئاستی کوردستان و لیوای هەولێر، دەڵێت موفتی هەولێریش پشتگیری مەلای گەورە دەکات.

لەو ڕاپۆرتانەدا مەلای گەورە بە (مەلا ئەفەندی، مەلا محەمەد، حاکمی شەرعزان) ناو دەبات، یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە کۆیە بەردەوام لەگەڵ مەلای کۆیە کۆبووەتەوە و ڕای وەرگرتووە و لە دەمی ئەوەوە داواکاری کورد پێشکەش کراوە، هەرچەندە جەمیل ئاغای حەوێزی لەو ساڵانەدا لە کۆیە کاربەدەست بووە، بەڵام ئەویش هاوکاری مەلای گەورە بووە و هەر مەلای گەورە نوێنەرایەتی داواکاری گەلی کوردی کردووە.

یەکێک لە نهێنییە گەورەکانی ئەو بەڵگەنامانە، ئاماژە بەوە دەکات هەولێر زۆر ئارامەو خەڵکی ئەو شارە نایانەوێت هیچ گۆڕانێک بکرێت، واتە هیچ جۆرە دژایەتییەکی دەوڵەتی بەریتانی نەکراوەو خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی نەبووە، بەڵام ئەوەی لە لیوای هەولێر داوای خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی دەسەڵاتی خۆماڵی کردووە، خەڵکی کۆیە و جەنابی مەلای گەورە بووە، هەر لە کۆنەوە شاری کۆیە ناوەندێکی زانیاری و هۆشیاری و ئەدەبی بووە، یەکەم بیری ڕێنیسانسی کۆمەڵی کوردی لەو شارەوە سەری هەڵداوە، چونکە هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمەوە لەو شارەدا دژایەتی بیری دواکەتوو و چینایەتی کۆمەڵایەتی کراوە و داوای ژیانێکی باشتر بۆ میللەتی کورد کراوە کە ئەویش لەناو



**مەلای گەورە**

شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا ڕەنگی داوەتەوە، هەر بەهۆی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییەوە حاجی قادر ناچاری کۆچکردن بووەتەوەو ڕووی کردووەتە تاراوگە.

بەشێک لەو بەڵگەنامانەی ناوی مەلای گەورەی کۆیەی تێدا هاتووە، هەموویان لە ساڵی ١٩٢٠ بووە، بەم شێوەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠٦٩) لە ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٢٠.

ئەم بەڵگەنامەیە، نامەیەکی مەلای گەورەی کۆیە و (محەمەد جەمیل حەویزی)یە(١) بۆ یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی (سی، ئای، ڕاندۆل)(٢): دەقی نامەکە:

(لە کەس شاراوە نییە کە حکومەتی گەورەی بەریتانی خۆشگوزەرانی دەوێ بۆ ئەوانەی داوای پاراستنیان لێ کردووە، دوای یەکەمین شەڕی جیهانی گەلانی بچووک بە هیوابوون گەلانی هاوپەیمان بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی پێشکەوتن و ڕزگاربوون لە زوڵمی ستەمکاران پشتگیریان بن.

ئەمڕۆ گەلی کوردی ئازاد و زیندوو لەگەڵ ئەو هاوکارییەی حکومەتی بەریتانیا پێشکەشی کردووە، هیوادارن دەسەڵاتێکیان لە خۆیان بۆ دابنێن، بەهۆی باش نەبوونی شێخ مەحمود بەداخەوە، حکومەتی بەریتانی ناچار بووە ئەو مەسەلەیە دوابخات.

دەڵێن تاکە هیوا ئەوەیە، حکومەتی بەریتانیای دادگەر هەموو خواستەکانیان بهێنێتەدی، زۆر سوپاسگوزارین ئەگەر حکومەتی بەریتانی حاکمێک لە خۆمان دیاری بکات، هەتا هاوکاری گەلەکەمان بێت بۆ گەشەکردن، بۆ ئەوەی لەناو گەلانی خاوەن شارستانی پێگەی خۆی هەبێت.

ئەگەر حکومەتی بەریتانی دەستی هاوکاری بۆ ئەم گەلە هەژارە درێژ نەکات، هەتا هەتایە دەچەوسێتەوە، بەڵام دڵنیاین ئەو باوەڕە بەرزەی حکومەتی بەریتانی ڕێگە نادات کورد بەو چارەنووسە ڕەشە بگات).(٣)

ئەوەی تێبینی دەکرێت نامەکە بە زمانێکی سیاسی و دیبلۆماسی سەرکەوتوو نووسراوە، ئەوەیش بەڵگەی هۆشیاری سیاسی و دنیابینی مەلای گەورەیە، لەو ڕۆژگارەدا ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە بەریتانیای وەک کافر و دژە دین وێنا دەکرد، لە هەمان کاتدا ئاراستە نەتەوەییەکە داگیرکاری بەریتانی وەک ئیمپریالیزم سەیر دەکرد، ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە کە شێخانی تەریقەت و دەروێشیزم ئاراستەی دەکرد، زیاتر وەلائی بۆ دەوڵەتی عوسمانی سوننی مەزهەب هەبوو، چونکە لە دوای ڕووخاندنی میرایەتییە کوردییەکان، دەوڵەتی عوسمانی زۆر زیرەکانە کەوتە کڕینی وەلائی کەسایەتیی خاوەن نفوز و پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، بۆ ئەو مەبەستە مووچەی بۆ شێخ و سەیدەکان بڕیەوە، هەروەها کەوتە تاپۆکردنی زەویوزار و دێهاتی کوردستان لەسەر سەرۆک خێڵ و دەرەبەگ و شێخەکان، لەم هەنگاوەشیدا زۆر سەرکەوتووبوو لە ڕاکێشانی ئەو لایەنانە بەلای خۆیدا(٤).

بەڵام مەلای گەورە بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە کە لە دەرەوەی ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە بیری دەکردەوەو نوێنەرایەتی بیری ریفۆرمخوازی ئایینی دەکرد لە کوردستاندا، لە پارچە هۆنراوەیەکدا ڕەخنەی توند لەو توێژانەی کۆمەڵی ئەوکاتەی کورد دەگرێت و هیوای بەوە نەبووە، ئەوانە بتوانن دەوڵەت بۆ کورد دروست بکەن و

لەم بارەیەوە دەڵێت:

**هەتا شێخێک لە کوردستان بمێنێ**
**ئومێدی زیندەگانیت پێی نەمێنێ**
**بەریشی درێژ و پرچی پڕ لە ئەسپێ**
**بناغەی کاری کوردان چۆن دەچەسپێ**
**بە کەشکۆڵ و سواڵ فەقر و زیللەت**
**مەحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت**( ٥ ).

ئەم بیرەمەندە گەورەیە هیوای بەوە بووە کە دەوڵەتی داگیرکاری بەریتانی کە نوێنەرایەتی شارستانی پێشکەتووی ئەوروپای دەکرد، کورد رزگار بکات و دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ دروست بکات و کورد پێش بخات و لە رووی ژیاری و پێشکەتنەوە لە گەلانی ناوچەکە دوانەکەوێت، لە کۆتایی نامەکەشیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر حکومەتی بەریتانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دروست نەکات، کورد زۆر دوادەکەوێت.

هەروەکو دەڵێت:

(ئەگەر حکومەتی بەریتانی دەستی هاوکاری بۆ ئەم گەلە هەژارە درێژ نەکات، هەتا هەتایە دەچەوسێتەوە)(٦) بۆچوونەکەی مەلای گەورە راست دەرچوو، لە ساڵی (١٩٢٠)وە کورد دەکوژرێت و کوردستان وێران دەکرێت، هەزاران تاوانی گەورە بەرانبەر بەکورد کراوە هەر لە جینۆساید و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی، بەڵام لە دوای هەموو ئەو کارەساتانە، ئەوانەی مەلای گەورەو هەرکەسێکی تر وەک مەلای گەورە بیری کردبێتەوە بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم ناوزەدیان دەکرد، ئەوانە دوای هەشتا ساڵ لە بۆچوونەکەی مەلای گەورە لە ساڵی ٢٠٠٣ گوڵبارانی پۆلیسێکی خانەنشینی (جێ گارنەر) ئەمەریکیان کرد لە بەکرەجۆ کە لەلایەن ئەمەریکای ئیمپریالیزمی کۆن و ئازادیخوازی نوێوە کرابووە کاربەدەستی ئێراق.

**بەڵگەنامەی ژمارە (٩) ٩ی ئازاری ١٩٢٠.**

بەڵگەنامەی دووەم کە باسی مەلای گەورە دەکات، دوای سێ رۆژ لە نامەکەی مەلای گەورە و محەمەد جەمیل حەوێزی نووسراوە لەلایەن (سی. ئای. راندۆڵ)، باس لە سەردانی خۆی بۆ لای مەلای گەورە و محەمەد جەمیلی حەوێزی دەکات، ناوەرۆکی گفتوگۆکە وەک لە بەڵگەنامەکەدا تۆمارکراوە، دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە(٧):

**یەکەم:** مەلای گەورە و محەمەد جەمیل دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بوون بۆ کوردستان.

**دووەم:** داوایان کردووە دەسەڵاتێکی خۆجێی بۆ کورد دروست بکرێت بەو مەرجەی حکومدارەکەی کورد بێت، بەڵام دەسەڵاتەکە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بێت، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست کوردەوە بێت.

**سێیەم:** ئەگەر ئەو حوکمدارە کوردە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە بیگۆڕن بە کەسێکی باشتر و بەتواناییتر، بۆ ئەوەی سیستەمەکە پشتاوپشت نەبێت.

**چوارەم:** هەردووکیان پێشنیاری حەمدی بەگی بابان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی بە حوکمداری کوردستان، لەبەرئەوەی بنەماڵەی بابان پێشینەی حکومدارییان هەیە، لە هەمان کاتدا کەسێکی دەوڵەمەندە و بێ بەرانبەر خزمەتی باشی میللەت و نیشتمان دەکات.

**پێنجەم:** پێش دانانی حەمدی بەگ پرس و راوێژ لەوبارەیەوە بە کەسایەتی و پیاوماقوڵانی کورد بکرێت.

**شەشەم:** ئەو دەسەڵاتە کوردییە لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر لەخۆ بگرێت، ئەگەر رەواندزیش ئارەزوو بکات ببێتە بەشێک لەو دەسەڵاتە.

**حەوتەم:** پشتگیری ئەوەیان نەکردووە دەسەڵاتە کوردییەکە سەر بە بەغداد بێت، هەرچەندە ئەفسەری بەریتانی پێشنیاری کردووە.

**هەشتەم:** ئەگەر بیانووی بەستنەوەی کوردستان بە بەغداوە ئابووری بێت، ئەوە پێویست ناکات، چونکە لە کۆنەوە پێوەندی ئابووری کوردستان و بەغداد هەبووە.

**نۆیەم:** رازی نەبوون هەموو ناوچەکان بە ئیدارەی سلێمانییەوە ببەسترێتەوە، بەڵکو هەموو ناوچەیەک سەربەخۆیی خۆی هەبێت.

**دەیەم:** مەلای گەورە یادداشتێک بداتە دەسەڵاتی بەریتانی بەناوی کوردەوە کە دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکن بۆ کوردستان.

داواکارییەکانی مەلای گەورە و محەمەد جەمیل زۆر لە ئاستێکی باشدایە بۆ ئەو رۆژگارە، دروستکردنی دەسەڵاتی کوردی، دانەنانی کەسێک لە ناوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە، کە مەلای گەورە خۆی کەسایەتییەکی

ئایینی بووە، کەسایەتییە ئایینییەکانیش ئەو سەردەمە پێگەیان بەهێز بووە، دەستنیشان کردنی کەسێکی وەک حەمدی بەگی بابان زۆر زیرەکانە و سیاسییانە بووە، بەڵگەی بیری سیاسی بەرزی مەلای گەورەن.

هەروەها دەسەڵاتە کوردییەکە لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر لەخۆ بگرێت هەتا کفری و دەوروبەری، دیاریکردنێکی زۆر نەتەوەییانە بووەو مەلای گەورە ویستوویەتی ئەو دەسەڵاتە کوردییە هەموو ناوچە کوردییەکان لەخۆ بگرێت و بە بەغداوە پەیوەست نەبێت.

لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی خێڵ و پیاوی ئایینی تەقلیدی و سیستمی پشتاوپشتی و بنەماڵەیی دواکەوتوو لە خواستەکانی مەلای گەورە بووە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بەڵگەنامەکاندا هەرچەندە هەولێر لیوا بووەو کۆیە سەر بەو لیوایە بووە، بەڵام بەهۆی پێگەی مەلای گەورەو هۆشیاری خەڵکەکەیەوە، کۆیە و مەلای گەورە نوێنەرایەتی لیوای هەولێریان کردووە، ئەوەیش خاڵێکی گرنگە لە مێژووی شاری کۆیەدا، هەروەک لە کۆنەوە بە لانکەی زانست (دار العلم) ناسراوە، شاری کۆیە بەردەوام ئەو پێگە گرنگەی خۆی لە دەست نەداوە(٨).

**بەڵگەنامەی ژمارە (٥) ٧ی مایسی ١٩٢٠.**

ئەم بەڵگەنامەیە باس لە سەردانی یاریدەدەری ئەفسەری بەریتانی دەکات بۆ لای مەلای گەورە، ئەم بەڵگەنامەیە لەم خاڵانەدا کورت دەکرێنەوە(٩):

**یەکەم:** بۆ زانینی هەڵوێستی مەلای گەورە لە بارەی تورکەوە، سەردانی کردووە.

**دووەم:** مەلای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە هاوپەیمانان نەیانتوانیوە دەست بەسەر تەنگەبەری ئاوی و شاری ئەستەنبوڵدا بگرن.

**سێیەم:** مەلای گەورە زۆر دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکانە بۆ کوردستان.

**چوارەم:** مەلای گەورە زۆر ستایشی دەسەڵاتی بەریتانی لە کوردستاندا دەکات.

**پێنجەم:** مەلای گەورە باسی لەوە کردووە کە حوکمی عوسمانی و خراپەکارییەکانی، پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە.

**شەشەم:** مەلای گەورە زۆر متمانەی بە ئایندەی کوردستان هەبووە.

**حەوتەم:** داوای کردووە کوردستان لە ژێر چاودێری بەریتانیدا بێت.

**هەشتەم:** جارێکی تر دووپاتی دەکاتەوە کەسایەتییەکی بابانی بکرێتە حاکمی کوردستان.

**بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧١/٥٠٦٩) ١٧ تەمموزی ١٩٢٠.**

ناوەرۆکی ئەم بەڵگەنامەیە لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە(١٠):

**یەکەم:** بارودۆخی سیاسی کۆیە زۆر هێمن و باشە.

**دووەم:** یاریدەدەری ئەفسەری بەریتانی بەڕاشکاوی دەڵێت: مەلا محەمەد ئەفەندی شەرعزان نوێنەرایەتی توێژێکی باشی هاوسۆزی بەریتانیا دەکات.

**سێیەم:** مەلای گەورە بڕوای وابووە کۆنگرەی پاریس بڕیاری باش سەبارەت بە کورد دەدات.

**چوارەم:** دەکرێت کوردانی باکوور لە پێناوی دەوڵەتی سەربەخۆدا یەک بگرن.

**پێنجەم:** ئەگەر کوردانی باکوور دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەن، کوردانی کوردستانی باشوور ناچنە پاڵیان.

**شەشەم:** مەلای گەورە دەڵێت هەموو ئەو کوردانەی قسەیان بەناوەوە دەکات، دەسەڵاتێکیان دەوێت لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا بێت.

**بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨٠٧) ١٤ ئابی ١٩٢٠.**

ئەم بەڵگەنامەیە ئەفسەری سیاسی بەریتانی بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغداد نووسیوە، لە چەند خاڵێکدا باسی مەلای گەورە دەکات:

**یەکەم:** ئاماژە بەوە دەکات موفتی هەولێر لەلایەنگرانی مەلای گەورەی کۆیەیە.

**دووەم:** مەلای گەورە بڕوای بەوە نەبووە کوردانی باکوور یەک بگرن.

**سێیەم:** ئاماژە بەوە دەکات مەلای گەورە لە باشووری کوردستان نوێنەرایەتی توێژێکی گەورەی کۆمەڵی کوردەواری دەکات.

**چوارەم:** ئەفسەری سیاسی داوا دەکات سنووری ئەو دەسەڵاتە کوردییە ئەگەر هەندێ ناوچەی بخرێتە سەر، کێشەیان بۆ دروست دەبێت، دەڵێ: کفری و مەخمووری بخرێتەسەر، بەڵام ناکرێت کورد داوای ناو شاری کەرکووک بکەن، بەڵام ناحییەکانی شوان و قەرەحەسەن و چەمچەماڵی بخرێتە سەر ئاساییە.

داواکارییەکانی مەلای گەورە زۆر سیاسیانە و کوردانە بووە، لەژێر سایەی بەریتانیدا داوای دەسەڵاتێکی کوردستانی کردووە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە تازیە لەژێر چاودێری بەریتانیادا نەبوایە، ئاسایی بوو لەو کاتەدا پەلامار بدرایە و لەناو ببرایە، لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەو کاتەدا ئەزموونی لە دەوڵەتداری نەبووە.

داواکردنی کەرکووک و دەوروبەری لەلایەن مەلای گەورەوە کە بخرێتە سەر دەسەڵاتی کوردستان، لەلایەن زانایەکی بیرڕووناکی وەک مەلای گەورە داوایەکی زۆر کوردانە و نیشتمانی بووە، هەروەها ڕەتکردنەوەی ئەو داوایەی مەلای گەورە لەلایەن بەریتانیاوە پێشینەیەکی مێژوویی کێشەی کەرکووک و سنووری کوردستانە و لەکاتی ئێستادا شتێکی نوێ نییە.

زۆرجار چەپ و عەلمانییەکان لایەنی ئایینداری کورد تۆمەتبار دەکەن کە ڕێگر بوون کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان دەڵێن بەهۆی هاوسۆزی و لایەنگری توێژی مەلا و خەڵکی ئایینداری کورد بۆ دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەوڵەتیان بۆ کورد دروست نەکردووە، بەڵام ئەم تۆمەتانە بێ بنەمان، ڕاستە توێژێکی ئایینداری کورد هاسۆزی دەوڵەتی عوسمانی بوون بە پاڵنەری ئایین، بەڵام ئەوانە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکە ئاییندارەکەیان نەکردووە، مەلایەکی گەورە و زانای وەک مەلای گەورەی کۆیە و موفتی ئەوکاتی هەولێر هاوسۆزی بەریتانی بوون و هیوایان بەوان بووە دەوڵەت بۆ کورد دروست بکەن، لە هەمان کاتدا بیرخەرەوەیان پێشکەش کردوون و هاسۆزییان بۆ دەربڕیون و بەپێی بەڵگەنامەکانی خۆیان دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی کردووە.

سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەی باسی مەلای گەورە، هەموویان جەخت لەسەر ئەوەی دەکەنەوە مەلای گەورە یەکێک بووە لە هاوسۆزانی بەریتانیا بەهیوای ئەوەی ئەو دەوڵەتە زلهێزە دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ کورد دروست بکات، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە کوردییە سەرەتا لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیاشدا بێت، هیچ ڕێگرێک نییە، جگە لە مەلای گەورە، زۆرێکی تر لە دەستەبژێر و ڕووناکبیرانی کورد لەگەڵ بەریتانیا هاوسۆز بوون، بەڵام لە بەرئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەری بیری چەپ و بەرەی سۆڤیەتیدا بووە، هەموو کات هاوسۆز و لایەنگرانی بەریتانیا و وڵاتانی ڕۆژئاوایان بە نۆکەر و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم ناوەزەد دەکرد، لە ترسی ئەوەی ئەو کەسانە لە تانە و هێرشی ناڕەوای بەرەی چەپ و سۆڤیەتخواز دەرباز بکرێن، کەمتر باسی ئەو مێژووە دەکرێت، یان زۆرجار ئەو کەسانە مێژووی ناڕاست و بێ بنەمایان بۆ دروست دەکرێت.

سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە و شیعر و نووسینەکانی مەلای گەورە، بەڵگەی ڕوون و ئاشکران کە مەلای گەورە دژی بەرەی کۆنەخواز و دەروێشیزم و بیری دواکەوتوو و خورافە و سیستمی شێخایەتی بووە لە کوردستان، هەروەها زۆر دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بووە بۆ کوردستان، با لە بەرگی دین و سوننی مەزهەبی و خەلافەتیشدا بێت.

مەلای گەورە ئاگادارێکی باشی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە بووە، ئاگاداری ئەوە بووە کە بەریتانیاو زلهێزەکان، گەلانی ناوچەکەیان کرد بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، عەرەبیان کرد بە خاوەنی بیست و دوو دەوڵەت کە زۆربەیان لەسەر بنەمای خێڵ و بنەماڵە بوون، وەک ئال سعوود و ئال خەلیفە و چەندانی تر، لە تورکیادا ئەتاتورکیان کرد بە خاوەنی دەوڵەتی تورکیا و چەندان نەتەوەی تری ناوچەکە، مەلای گەورە ئەو ڕووداوانەی بینیوەو هیوای بەوە بووە کە کوردیش بکەن بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، هەروەها مەلای گەورە زانیویەتی هاوسۆزی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، گرەوکردنە لەسەر ئەسپی تۆپیو.

دوای یەک سەدە لە هاوسۆزی توێژی دەستەبژێر و سیاسییەکانی کورد بۆ سۆڤیەت و بەرەی چەپ، بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە و جارێکی تر ڕوویان کردە ئەو دەوڵەتانەی یەک سەدە بە ئیمپریالیزم و داگیرکەر ناویان

بردن، ئێستا کورد و سیاسییەکانی پێوەندی خۆیان و بەرەی ئیمپریالیزمی کۆن بە شانازی و دەستکەوتی گەورە باس دەکەن، ئەی بۆ کاتی ئەوە نەهاتووە هاوسۆزی مەلای گەورە بۆ بەریتانیا لەو کاتەدا بە شانازییەوە باس نەکرێت، بێ گومان عەقڵی مەلای مەلای گەورەی کۆیە، یەک سەدە پێش ڕووداوەکان و دنیابینی سیاسی کورد کەوتووە، ئەدی هەقی خۆی نییە لە ئێستادا باس لە گەورەیی و دنیابینی مەلای گەورە بکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- محەمەد جەمیل حەوێزی (١٨٧٩-١٩٤٦)، لەو کاتەدا محەمەد جەمیل حەوێزی حاکمی کۆیە بووە، ساڵی ١٩٢١ بووەتە سەرۆکی شارەوانی کۆیە، لە ساڵی ١٩٣٩، هەروەها ١٩٤٣، بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێراوە، ماوەی چەند ساڵێک سەرۆکی شارەوانی کۆیە بووەو خزمەتی زۆری بەو شارە کردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: عەبدولخالق عەلائەددین، کۆیەو ناودارانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، کوردستان، ل ٢٨-٣٠.**

**٢- د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، وەرگێرانی: کامەران جەمال بابان زادە، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل ١١٣-١١٤. هەروەها: عبدالخالق عەلائەددین، مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٦٥.**

**٣ - د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ل ١١٤.**

**٤- بڕوانە: خالد مەحموود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ل ١٩٢ بە دواوە.**

**٥- مەلا حوسێنی گورژی، کوڵی دڵی مەلای گەورە، چاپی یەکەم ١٤٣٠ک - ٢٠٠٩ز، نووسینگەی (التفسیر)، هەولێر، ل٦٣٢.**

**٦- د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، ل١١٤.**

**٧- د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، ل١١٧-١١٨. هەروەها: عبدالخالق عەلائەددین، مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر، ل ٦٥.**

**٨- بڕوانە: جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، ل٧٣ بەدواوە.**

**٩- د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، ل١١٥-١١٦.**

**١٠- د.عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، ل ١٢٠-١٢١.**